# "من نووسەرێکی کوردم"

**مەنسوور یاقووتی لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ خالید محەمەدزادە**

٢٠٠٨ ٠٨ ١٢ - ١٩:٥٥

**مەنسوور یاقووتی، چیرۆکنووسی ناسراو، پیاویک کە سەخیتەکانی ژیان ماندوی ناکا. ئەو دەنووسی و خۆی گۆتەنی ناوەروکی نووسینەکانی ژیانی کوردانەو نایشاریتەوە کە لە پێناو نووسیندا ژیانێکی نالەباری تێپەڕکردووە. کاری مامۆستایەتی قوتابخانەی لێ قەدەغە دەکریت و چەند ساڵێکش زیندانی کراوە.**



**یاقووتی خەڵکی سونقوری کولیایی و دانیشتووی کرندی پارێزگای کرماشانە.**

**خالید: با لە نووسینەکانتەوە دەست پێ بکەین ئەگەر مەوافق بن، ئەویش ئەوەیە کە زۆرتر لە چ بوارێکەوە دەنووسن؟**

یاقووتی: پیشەکی زۆر خۆشحالم بە ناسینتو سپاس بۆ ئەم دیمانەیە و ئاواتم ئەوەیە ماندووت نەکەم.

**خالید: بە پیچەوانە.**

یاقووتی: وەك بۆ خوشت دەزانی، بە شێوەی دیاریکراو من نووسەری کورتە چیرۆکم. یانی لەراستی دا نوڤلنووسم، بەڵام لە پاڵ ئەوەش چیرۆکی درێژیش دەنووسم و شتی دیکۆمێنتیش شی دەکەمەوە. وەکوو کتێبی"افسانە ٣٠ رنگ" کە چیرۆکیکی درێژە و بڵاوکراوەتەوە. یان "چراغی بر فراز مادیان کوە". رومانیش دەنووسم. وەکوو رومانی"دهقانان". دیارە لە پاڵ چیرۆکنووسین کە کاری تایبەتی منە، لێکدانەوەی ئەدەبیش دەکەم. دوو کۆمەڵە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیش لە کارەکانم بڵاو کراوەتەوە. یەکێکیان ناوی "گامی بە پیش"ە و ئەوی دیکەشیان "نگاهی بە اپار درویشیان".
لە نێو بازنەی شێعریشدا وەکوو سەرجەم ئێرانیەکانم، هەڵبەت لە پەراوێزی دیکەی ئیشەکانم کار دەکەم. ئەم بابەتە لە بەر ئەوە دەخەمە بەر باس کە هێندێک لە شێعرەکانم لە رۆژنامەکانی ئێراندا بڵاو کرانەتەوە، وەکوو" کلک گوهران" و دیکەی رۆژنامە بەناوبانگەکانی ئێران.

**خالید: دیمەوە سەر چیرۆکەکانت، چونکە لای ئیمە چیرۆکەکانت زیاتر خوێندراونەتەوە. باسی چیرۆکەکانت بکە؟ سەبکو فۆرم لە کاری خوت دا؟**

یاقوتی: یەکەم کۆمەڵە چیرۆکێک کە لە من بڵاو کرایەوە، کتێبی"زخم"(برین) بوو کە خاوەن چەند فورمی جیاواز بوو. یەک دانە چیرۆکی سۆرئالیستیی هەبوو و چەند دانە چیرۆکی سەمبولیک. وەکوو "زنبور دانا"(هەنگی زانا) و لە پاڵ ئەوانیشەوە چەند چیرۆکێکی سورئالیستیم هەیە. بە هۆی ئەوەی کە ئەو کاتە لاو بووم ئەوانە ئەزموونی ئەو دەورانە بوو. پاشان "باقر مومنی" نووسەری بەناوبانگی کرماشانی کتێبی "زخم"ی منی خوێندەوەو کاری بڵاوکردنەوەکەی جێ بە جێ کرد. لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ یەکدا هەمانبوو ئەو رای لەسەر رئالیست بوو، منیش لەسەر ئەو سەبکە کارەکانی دیکەم درێژە پێدان.
هەر ئەوە بوو کە کارەکانی دیکەم وەکوو کتێبی "گل خاص بود" و "کودکی من"(منداڵی من) کاری رئالیستی بوو و هەر بەو شێوەیە بەردەوام بوو و تا گەیشتە "دهقانان"(جوتیاران) بەڵام نێوان کاری دهقانان دەورەی یەکەمی کاری من بوو، چۆنکە دەورەیەک پچڕا. گەیشتە ساڵی ٥٨ دواین کتێبی من "دهقانان" بڵاو بووەوە.
پاشان ژیانی من بە شێوەیەک بوو کە نەمتوانی کتێب بڵاو بکەمەوە تاکوو دەورووبەری ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوی. یانی دابڕانێکی ١٥-١٦ ساڵە کەوتە ئەو نێوانەوە.

**خالید: ئایا ئەو دابڕانە دەگەڕێتەوە بۆ فەزای سیاسی ئێران لەو قۆناغە یا هۆکاری تر هەبوون؟**
یاقووتی: بەڵێ ڕێک وایە. من ٣ ساڵ بە ناچاری دەربەدەر بووم. تێکەڵاوی ژیانێک بووم کە دڵخوازی من نەبوو. دواجاریش ٥ ساڵ زیندانی کرام. ساڵی ٥٨ کە لە زیندان هاتمە دەرێ هەموو شتێکم لەدەست دابوو.
من مامۆستا بووم. کارەکەم لەدەست دابوو. کەسێک بووم کە لە زیندان هاتبوومە دەرێ، نە سەرمایەم هەبوو و نە هیچ شتێکی دیکە. ناچار بووم بپلکمە کاری کرێکارییەوە. تەنانەت کار گەیشتە جێگایەک کە من کاری عەمەلەگیشم کرد. ناچار بووم وەکوو عەمەلەیەک لە کرماشان کار بکەم.
من ئیش و کارێکی زۆرم تەجربە کردوە. لە ئاشەوانی بگرە تاکوو کرێکاریی و فەڕاشی و "پادویی". خۆتان دەزانن کە ژیانی کرێکاری بە شێوەیەکە کە نە دەتوانی کتێب بخوێنی و نە دەتوانی بنووسی. تەنانەت بیرکردنەوەش لە ئینسان دەگرێ. چۆنکە مرۆڤ ناچارە بۆ دابین کردنی ژیان رۆژانە١٢-١٤ سەعات کار بکات. پاشانیش شەکەت و ماندوو وەکوو لەشیکی بێ گیان دەکەوێتە زەوی و هێزێکی بۆ نامێنێ بۆ خوێندن و نووسین. بەو حاڵەش کۆڵم نەدا و بە خۆم وت کە دەبێ درێژە بە خوێندن و نووسین بدەم. هەربۆیە دەستم دایە قەڵەم. بەڵام پاش ئەو ماوە درێژە لە دابڕانم لە نووسین، خۆم بڕیارم دا کە چی بنووسم و گوێم لەوە نەگرت کە ئەم چی دەوێ و ئەوی دی چی دەوێ. بەرهەمیشی بووە کۆمەڵە چیرۆکی"توشای، پرنده غریب زاگروس"(تۆشای، مەلی نامۆی زاگرۆس.)
ئەم کارە چەند سەبکی جیاوازی لەخۆگرتووە. سەرەتا چیرۆکێکە بە نێوی"تلخ"(تاڵ) کە کاریکی رئالیستییە. پاشان رووبەڕووی کارگەلێکی سەمبولیک و سۆرئالیستی دەبینەوە.

تەنانەت کاری ناسیونالیستیشی تێدایە. یانی خۆمم رزگار کرد و گوێم نەدا کێ چی دەوێ و بۆ خۆم نووسی.
تۆشای وشەیەکی کۆنی کوردییە و بە دوو پەنجرە دەوترێ کە لەسەر دیوارەکان لە بەرامبەر یەکدا سازکرابن. ئەو پەنجەرانە نێوانیان بەتاڵ بووە یان راهرەو بووە. ئەم وشەیە لە ناوچەی کرماشان بەتایبەتی لە کرند زۆرتر بەکاری دەبەن و وشەیەکی کۆن و مێژووییە کە لە راستیدا ون بووە. هەڵبەت من بە یەک واتا و بە شێوەیەکی دیاریکراو باسم لەم وشەیە لە کتێبی، "تۆشای پرندە غریب زاگروس" نەکردووە. لە شوێنێکدا واتای مەلێک دەدا. لە شوێنیکی دیکەدا ناو و ژیانی کچێکە کە کارەساتگەلێکی زۆری بۆ دیتە پێش. لە لایەکی دیکەشەوە کەسێکە کە ژیانی نووسەرێک دەگێڕێتەوە. بەگشتی کەڵکی زۆرم لێ وەرگرتووە، بەڵام هەروەکوو پێشتریش ئاماژەم پێدا، واتای راستەقینەی پەنجرەی دوو تایە.
پاشان کتێبێکی دیکە کە بڵاوکراوەتەوە "افسانە ٣٠ رنگ"ە کە جلدی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە و کارێکی تەواو رئالیستییە و ژیانی ئینسانێکی کوردە، بەو هەموو نەهامەتییەی کە بەسەریدا دێت. بەداخەوە ئیزنی بڵاوکردنەوەی جلدی دووهەمیان نەداوە و ناشرەکەی ئامادە نەبوو سەرمایەگوزاریی لەسەر بکا و وتی موجەوزی بڵاوکردنەوەی پێ نادەن.

**خالید: بە بێ لەبەرچاوگرتنی سەبک و فورمی کارەکانتان، ناوەرۆکەکانیان چۆن دەبینن؟ خوت رازیت لییان؟**
یاقووتی: من لەم دەورەدا بە دوای بابەتە کۆمەڵایەتی و دڵخوازەکانی خۆمدا دەگەڕێم و گوێ نادەم کە دیگەران چ دەڵێن. پەسەندی دەکەن یان نە؟ راسییەکەت دەوێ، ئەم وتانە رەنگە بۆ زۆر کەس گران تەواو بێت و کێشەی بۆساز بکات. من بۆ خۆم دەنووسم! ئەم کتێبە بڵاو دەکرێتەوە و لە نێو کۆمەڵگادا دەکەوێتە بەر باس و رەخنە و لێکۆڵینەوە و دەردەکەوێ کە ئایاخەڵک ئەم بۆخۆنووسینە پەسەند دەکەن یان نە. کتێبی "توشای، پرندە غریب زاگروس" بوو بە کاندیدای باشترین کتێبی ساڵ لە لایەن مانگنامەی "گەردوون"ەوە و بەداخەوە پاش ئەوەی"عەباس مەعرووفی" ناچاربوو رووی لە هەندەران کرد، هەموو شتێکم لێ شێوا.
سەبارەت بە "افسانە ٣٠ رنگ"یش، بۆچوونی خەڵکیتان بۆ باس بکەم. ئەوەی کە دەمەوێ بیڵێم، روانگەی کابرایەکی مافناسە. ئەو دەیوت "پیشتر چ خۆم و چ زۆر کەسی دیکە کە ئەم کتێبەیان خوێندبوو لە بەرامبەریدا رادەوەستان و دەیانوت ئەوە چیە؟ کێ نووسیویەتی؟ بەڵام پاش ئەوەی کە گرتمیان و خستمیانە زیندانەوە، تێگەیشتم کە تۆ چیت نووسیوە... هتد." ئەو لوتفێکی زۆری هەبوو و دەیوت ئێستا دەزانم کە ئەمە شاکارێکی ئەدەبییە کە لەدایک بووە. هەرئەوەندە بڵێم ئەو کتێبە پاش ماوەیەک لەبازاڕەکاندا دەست نەدەکەوت.

**خالید: کتێبەکانتان زۆرتر دەکەونە چوارچیوەی کتیبخانەی کوردییەوە یا دەچێتە نێو ریزی فەرهەنگوکتیبخانەی**

**فارسییەوە. واتە خوت چون پۆلین بەندیان دەکەی، دیارە من بۆ خۆم ئەم دابەشکردنەم قبول نیە، واتە نەوعی زمانو شیوازی زمان ناتوانێ ریگر بێ لە داهینان بوونی بەرهەمیک یا سەندنەوەی داهینانەکەی. رەنگە بە خوشتیان وتبێ کە تو کوردی نانووسی؟!!**

یاقووتی: وایە! مەتنی کتێبەکان، ژیانی خەڵکی کوردە. بۆ ئەوەی کە من نووسەرێکی کوردم. نیو سەدەیە لە نێو کرندی کرماشان نەچوومەتە دەرێ و لەسەرەتاییترین کارەکانمەوە بگرە تا ئەوانەی کە لەم دواییانەدا بڵاو کراونەتەوە، دیمەنی ژیانی خەڵکی کوردن. بە شێوەی سروشتی نووسەر لەگەڵ واقعییات ڕووبەڕووە.

**خالید: زۆر باشە بۆ چی بە زمانی کوردی نانووسی؟**

یاقووتی: زۆر کەسی دیکەش ئەم پرسیارەی لە من کردوە. من ئەم وڵامەیان پێدەڵێم کە ئێستا کاری لاوانی کوردە کە بنووسن. توێژی ئێمە وەکوو خۆم و جەنابی "دەروێشیان" بە زمانی فارسی فێر کراوین و دەستمان پێ کردووە و لەگەڵیدا گەورە بووین. لە دەورانی ئێمە شتێک بە نێوی زمان و ڕێنووسی کوردی بوونی نەبووە، هەڵبەت تاک و تۆک کتێبگەلێک لە سلێمانی و دیکەی شوێنەکانەوە بە شێوەی قاچاخ دەهات و ئێمە دەمانخوێندنەوە، بەڵام جەرەیانێکی زۆر چۆکە و لاواز بوو. وەکوو کانییەک کە دەیویست هەڵقوڵێ، بەڵام ئێمەی تێرئاو نەدەکرد.تەنانەت ئێمە بە شێوەی شاراوە ئەو کتێبانەمان دەخوێندەوە کە چاپێکی زۆر خراپیان هەبوو و لە مهاباد بەدەستی ئێمە دەگەیشت. هەر بۆیە توێژی ئێمە بە زمانێك ڕاهاتووە و خوێندوویە و نووسیویەتی. دەبێ ئەوەیش بڵێم کە زمانی فارسی لە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگی- ئەدەبیی لە پشتەوەیە. وەکوو: زمانی فەرانسە یان زمانی ڕووسی. هەڵبەت کەسایەتیگەلێک وەکوو :"تولوستۆی"، " یۆسکی" "شولۆخۆف" "ئانتۆن چخۆف" و "فادایۆف" (نووسەری "گاردی جەوان") دەوڵەمەندیان کردووە. بە کورتی کەڵەنووسەران زمان بە پیت و دەوڵەمەند دەکەن. لاوێک کە ئەم پرسیارەم لێ دەکا، پێ دەڵێم کە ئێستا نۆرەی ئێوەیە . ئێوە بە زمانی کوردی بنووسن.

**خالید: کەواتە بە تەما نین بە زمانی کوردی بنووسن؟**

یاقووتی: نە. من بە پێشنیاری جنابی جەلیل ئازادیخوا دوو چیرۆکی کوردیم نووسیوە، بەڵام کاری من نیە. چۆنکە من ئێستا کۆمەڵێک کارم بە زمانی فارسی هەیە کە بڵاو نەکراوەتەوە و ئەگەر من بتوانم ئەوانە بڵاو بکەمەوە کارێکی گەورەم کردووە.

**خالید: ئەو کتێبانەی ئێوە کە بڵاو نەکرانەتەوە چەند دەبن؟**

یاقووتی: زۆرتر لە ١٠ دانەیە. ڕومانێکم بە نێوی"تراژدی یزدگرد" هەیە کە ٣ ساڵ کارم لەسەر کردووە و ڕاگیراوە. ڕومانێکم هەیە کە ماوەیەک لەمەوبەر ناوەکەی گۆڕدرا و بوو

بە "غربت تهران"، ئەویش راگیراوە. کۆمەڵە چیرۆکێکم هەیە بە نێوی "تنهاتر از ما" (تەنیاتر لە ئێمە) ئەویش راگیراوە. بەرهەمەکانی من لەم بارودۆخە بێ بەش نەبوون.

**خالید: هۆی ئەم سانسورانە لە بەرامبەر بەرهەمەکانی ئێوەدا چیە؟**

یاقووتی: یەکێکیان هەڵوێستی سەلیقەییە. هیچ شتێک لە رووی نەزم و بەرنامەریزییەوە نیە. کاتێ کە لە کتێبەکان دەکۆڵدرێتەوە، لە هیچ بارێکدا ئەدەبی نیە. بەڵکوو سیاسی و سەلیقەییە. لەم روانگەیەوە چاو لە بەرهەمی ئەدەبی دەکەن کە ئەمە هەڵەیە.

ئەو کەسانەی کە لە دایرەی کتێب دانیشتوون، ئەمانە دەبێ ئەدەبیاتی هاوچەرخی جیهان بە تەواوەتی بناسن. رەنگە بڕوا نەکەن کە زۆربەی کارەکانی من لەوانە کتێبی"دهقانان" بە هۆی یەک وشەوە راگیراون.

**خالید: ئەو واژەیە چیە؟**

یاقووتی: من لە کتێبەکەمدا نوسیبووم"دایک منداڵەکەی لە ژێر مەمکی گرتبوو و شیری پێ دەدا" بە هۆی وشەی"مەمک" سەرجەم بەرهەمەکانم راگیرا. بزانن فاجیعە تا کوێنە هاتووە؟! من چی بڵێم؟ بەراستی بۆ دایکێک کە شیر دەداتە منداڵەکەی لە جیاتی وشەی مەمک من چ دابنێم؟ ئەم روانگەیە، رووانگەیەکی خەوشدارە. ئەندامی ئەم سینگە ئەگەر نەبوایە ئینسانییەتێک بوونی نەبوو. منداڵ لە کوێ شیری دەخواردو ...

**خالید: ئەو کێشانەی کە لەسەر رێگای ئێوەدان تەنیا لەلایەن حاکمییەتەوەیە یان خود لە نێو کۆمەڵگای ئێران و کوردستانی دا بوونیان هەیە؟**

یاقووتی: کوردستان لەم بوارەوە جیا لە ئێران نیە. چۆنکە ئەو سیاسەتەی کە لە پێش دەگیردرێ بۆ هەموو شوێنەکانە و جیاوازییەک نیە لە نێوان بەلووچ و عەرەب و تورک.

**خالید: زۆر لە نووسەرانی کوردستان دەڵێن کە تاوانی ئێمە کوردبوونی ئێمەیە، لەم بوارەوە راتان چیە؟**

یاقووتی: نە! ئەم بۆچوونە ئیعتباری نیە! ئێمە واقعییەت بڵێین باشترە. ئاوەها شتێک لە ئێراندا بوونی نیە کە چۆنکە ئەمە کوردە ناکرێ بەرهەمەکانی بڵاو بکرێتەوە. زۆر لە بەرهەمەکانی نووسەرانی کورد بڵاوکراونەتەوە. سەرجەم نووسراوەکانی سەدیق بۆرەکەیی کە کابرایەکی کوردە بڵاو کراوەتەوە. ئاقای "دەروێشیان" و "عەلی محەمەدی ئەفغان"یش بەهەمان شێوە، کوردن و سەرجەم بەرهەمەکانیشیان بڵاوکراونەتەوە. هۆکارەکەی هەر ئەوەیە کە ئامازەم پێدا. یانی هەڵسەنگاندنی سەلیقەیی، نەبوونی پێوانە و معیاری باش و بەسەرکاردانانی تاقمێک ئینسانی ناشارەزا کە ئەسلەن نازانن رومان چیە؟ کتێب چیە؟

**خالید: بەرای ئێوە هیوایەک هەیە کە ئەم کێشانە لابچن؟**

یاقوتی: تا ئێستا کە لانەچوونە و وەکوو خۆم هیچ هیوایەکم نیە. من شتێک لە ژیانم نەماوە کە هیوایەکم هەبێ.

**خالید: یانی وەک کوردیک بەرخورد لە گەل خوتو کتیبەکانت نەکراوە؟**

یاقووتی: نە! من لە هەر کوێیەکی دیکەش ئەم پرسیارەم لێ بکرێ، دەڵێم: نە. هەڵوێست لە بەرامبەر بیرۆکەی من دەگیردرێ. من کەسێک بووم کە ساڵی ٤٦ لە دەبیرستانی کەزازی کرماشان هێزەکانی ساواک هاتن و منیان قوڵبەست کرد و پاش تێپەڕبوون لە قوناغەکانی لێ پرسینەوە، لە سەرەتای لاویەتیدا سەرم لە زیندان دەرهێنا. یەک ساڵ لە ژیانم بەتایبەتی لە خوێندن بەدوا کەوتم. لاوێکی ١٦-١٧ ساڵە کە دەکەوێتە زیندان چ کاریگەرییەکی نیگەتیڤ دەکەوێتەسەر دەروونی. لەو کاتەوە ئێمە چمان ویستووە؟ عیدالەتی کۆمەڵایەتی! ئەمانویست کە وڵاتی ئێمە وەکوو سەرلەبەری جیهان بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردن بڕوات. وەکوو سوئێد یان فەرانسە و هەر وڵاتێکی دیکە. بەڵام وەڵاممان چ بوو؟ زیندانی دوا بەدوای یەک کە بەداخەوە پاش ئەو دەورانەش هەر بە هەمان شێوە بوو. تاقمێک "ئیمتیازتەلەب" دەیانەوێ سەرجەم ئیمتیازەکانی نێو کۆمەڵگا بە ئیختیاری خۆیان بگرن و باقی خەڵک بێ بەش بن. هەر ئەو تاقمەشن کە لە هەر نیزام و دەسەڵاتێکدا ئەو هەڵسوکەوتانە دەکەن.

**خالید: جگە لەو تاقمە ئیمتیازتەلەبەی کە باست کرد دەوری خودی حکوومەت چون دەبینی؟**

یاقووتی: ناتوانین بە بێ لایەنی بزانین. چۆنکە لەراستیدا حکوومەتیش بەشێکە لە کۆمەڵگا. حکوومەت کە لە ئاسمانەوە نایەتە خوارێ! لە هەموو شوێنێکی جیهان دەسەڵاتەکان بەشێکن لە کۆمەڵگا، چ باش بن و چ خراپ. سیاسەتی دەوڵەتەکان دەوری کاریگەری هەیە لە ژیانی خەڵکی وڵاتێک و لەوانە ئێمەی ئەهلی قەڵەم.
مرۆڤ پێویستی بە خورد و خوراکە، وەکوو هەموو گیاندارێک پێویستی بە ماڵ و مەسکەنە، دەیەوێ ژیان بکات. ئەم ژیانکردنە بە بێ ئیمکاناتی ماڵی سەرناگرێ. چ بتانەوێ و چ نەتانەوێ لە شوێنێکی وەکوو ئێران سەری مانگ دەبێ پارەی کارەبا بدەی، پارەی ئاو و گاز بدەی. نەیدەی لێت دەبڕن. تەنانەت نیگابانێکیش کاتێ پارەی نەدەیتێ، لێ دەگەڕێ دز لە ماڵی کابرا بدا. ئێمە ناتوانین ئابووری پشت گوێ بخەین. ئەمە راستییەکی هاشاهەڵنەگرە کە ئابووری دیاریکەری ژیانی ئینسانەکانە. ژیانی نووسەر و هونەرمەندێک دەبێ لە بواری ماددی و ئاسایشەوە دابین بێت. کاتی پێویستیشی هەبێ بۆ ئەنجامی کارەکانی.
ئێوە بڕوادەکەن کە لە شارێک وەکوو کرماشان یەک ڕۆژنامەوان مانگانە ١٠هەزار تمەن مووچە وەردەگرێ! من لە راستیدا ناتوانم بڵێم کە ١٠ هەزار تمەن دەتوانێ پارەی چ شتێک بێت؟ یانی پارەی هیچ شتێک نیە. پاشان چ ئەنگیزەیەک بۆ ڕۆژنامەوان دەمێنێ کە بە مانگی ١٠ هەزار و زۆرزۆرەکەی ٣٠ هەزار تمەن کار بکا؟

**خالید: بۆ چی کتێبەکانی ئێوە کەمتر دەکرێن بە کوردی؟**

یاقووتی: ئەمە باسێکی درێژی دەوێ. دەبێ ئەم کتێبانە وەربگێڕنەوە. وەرگێڕێکی باش هاوتای نوسەرێکی باشە. هاوتای شاعێرێکی باشە و هیچ جیاوازییەکیان نیە. بۆیە دیارە کە لیرەدا لە کاری وەرگێڕان کەمترخەمی هەیە. ئەم بازنەیە دەبێ لێرە کارا بکرێ و پشتیوانیی لێ بکرێ. نەتەنیا کاری من، بەڵکوو کار و بەرهەمی نووسەرانی گەورەی جیهان لە فەرانسە، رۆسیە، ئەمریکا و سەرلەبەری جیهان. دەبێ بە زمانی کوردی بڵاو بکرێنەوە.

**خالید: هۆکاری چیە کە زۆر کەس لە لاوانی کورد کەمتر لەگەڵ بەرهەمەکانی کەسانێک وەکوو جنابتان ئاشناییان هەیە؟**

یاقووتی: لە وەرنەگێڕانی کارەکانم بە زمانی کوردی. کارێکی من وەکوو "توشای پرندە غریب زاگروس" رۆژنامە ناودارەکانی جیهان باسیان کردووە و دەنگدانەوەی جیهانیی هەبوو. ئەم کتێبە دەبێ بە تەواوەتی وەربگێڕدرێتەوە. یان بۆ نموونە "افسانە ۳۰ رنگ" کە ژیانی میللەتی کوردە. کێ دەبێ وەری بگێڕێتەوە، ئایا کاری منە؟

ئەمە کاری کەسانێکە کە وەرگێرن. ئەوان دەبێ دابنێشن و وەریان بگێڕنەوە. من کاری خۆم وەکوو نووسەرێک کردووە و لەراستیدا کێشەی من نیە. بە گشتی هۆکارەکەی ئەوەیە کە کارەکانم وەرنەگێڕانەتەوە سەر زمانی کوردی.

**خالید: چ روانگەیەکتان بەرانبەر بە ئەدەب و کلتووری کوردیدا هەیە؟**

یاقووتی: من خۆم کوردم و لە ئەدەبیاتی کورد لە کرماشان و (بە شێوەی دیاریکراو) زێدی خۆم کولیایی شارەزام. ئەدەبیاتی کوردی ریشەگەلێکی کۆنتر لە ۱۰۰۰ساڵی هەیە. بە پشت بەستن بە دەفتەرەکانی ئایینی یاری (ئەحلی هەق.)

هەروەها بە پشت بەستن بە "شاهنامە" کوردییەکان کە بەتەواوەتی جیاوازن لە شاهنامە فارسییەکان. ئەو شاهنامانە بەش بەشن. بەشێکی بە نێوی "بەرزوونامە" نزیک بە ۲ ساڵ کارم لەسەر کردووە و ئێستا هەڵەگیریم کردووە و پێموابێ ئێستا جنابی "ئازادیخواز" وەریگێڕاوەتەوە سەر کوردیی سۆرانی و بڵاو کراوەتەوە.

ئەو کتێبە مێژووییە لە بواری مەتنەوە ئوستوورەیە. کاتێ ئەو بڵاو بکرێتەوە ئێمە دەبینین کە ئەدەبیاتی کورد چ گەنجینەگەلێکی بە بایەخی هەیە و خەریکە لە ناو دەچن. هۆکارەکەشی بەشێکی کەمترخەمییە بۆ وەرنەگێڕاندنەوەی ئەو بەرهەمانە. بەشێکیشی هی ئەدبیاتی مودیرنە. من لە منداڵیدا بەزمانی کوردی شێعرم دەوت وەکوو:

"گەڵا گەڵارێزانە
گوڵباخەگان چنیانە
سوارێگ هاتێە هاو بانە
ئیمشەو میوان خوەمانە،

ئەسبی وەرەنگ هەنارە
باڵای وینەی چنارە
زوڵف رەشەگەی شیویایە
یاڵ ئەسبەگەی تاو دایە
گەڵا گەڵا ریزانە
گوڵباخەگان چنیانە"

ئەم شێعرە ساڵی ٥٧-٥٨ لە رۆژنامەی "چەلەنگەر" بە ناوی موستەعارەوە بڵاو کرایەوە. چۆنکە من کارم شێعر وتن نەبوو و کارم چیرۆک نووسین بوو. سروشتی بوو ئەودەم بە ئەدەبییاتی کوردی کار بکەم چۆنکە ئەسلەن ناوێک لە ئێران نەبوو.

**خالید: پێتان وانیە کە زاراوەی ناوچەکانی کرماشان لەبیرکرابی؟**

یاقووتی: بەلێ ئەمە راستە و جێ داخ و پەژارەیە بەتایبەتی کە ئەگەر هاوبڕوای ئەو تئۆریسییەنە رۆژئاواییە بین کە دەڵێ زمانماڵی بوون(هەستی) ئینسانە. ئەو کەسەی کە لە کولیایی هەڵدەستێ دەیەوێ بە زمانی دایکی خۆی بدوێ. ئەوەی لە مهابادە بە هەمان شێوە پێخۆشە کە بە ئەدەبییاتی دایکی خۆی قسەبکات. ئەوەی کە لە ئیلامە یان ئەوەی کە "لەک"ە بەهەمان شێواز. بە وتەی قاسم ئەرژەنگ، "لەکستان خۆی و لاتێکە" بۆچی ئەو نووسەرە لەکە ناچار بکرێ بێت بە زمانی سۆرانی بدوێ. با بە زمانی دایکی خۆی بدوێ. ئەمە یانی چە؟ ئەمە خیانەتێکی مێژوویە بە زمان. هەموو زمانە کوردییەکان بۆمان جێ رێزن و دەبێ بە هەموویان بەها بدەین.
ئێستا دەڵێن ئێمە خۆشمان تاوانبارین. بەڵێ بەشێکی وایە. هەمیشە خۆدۆران(از خود باختگی) لە هەموو شوێنێکدا هەیە. من چەندها جار بە قاسمی ئەرژەنگ - م وتووە کە بە زمانی دایکی خۆت شێعر بلێ، بنووسە و لێکۆڵینەوە بکە. رۆژێک دا دێ کە زەمینەی چاپ و بڵاوکردنەوەیان هەموار بێت. نەبێتیش گرینگ نیە. راستە لێرە یەکەم خۆدۆران هەیە و پاشانیش نەبوونی هەلومەرجی لەبار و ئیمکانات زۆر دەوریان هەبووە. یانی پاڵپشتییان لێ ناکرێ.
من دەمویست " بەرزوونامە" بۆ یەکەمجار لە شاری کرماشان لە "اداره فرهنگ و ارشاد اسلامی" (کە لەهیچ بارێکدا لەگەڵ ئەم ناو و ناوەرۆکەدا نیم و ئیدارەی"فەرهەنگ و هونەر"م پێ باشە،) بڵاو بکەمەوە. چۆنکە لە راستیدا ئینسان دەخاتە بیری ئەوەی کە دەڵێن: "مەرن و پێویستە رێنوێنی بکرێن."
من ئەوم برد وتم رەنگە پاڵپشتیم لێ بکەن. ئەوکات سەرمایەیەکی زۆری نەدەویست. ئەو کتێبەم هەڵگرت و بەخۆم وت کە ئەمە بەرهەمێکی نەتەوەییە و هی من نیە و .... بەداخەوە هیچ جۆرە پاڵپشتیەکی لێ نەکرا.

**خالید: پێشنیارتان چیە بۆ پیکهینانی زمانی ئیستانداری کوردی؟**

یاقووتی: ئێمە کێشەی ڕێنووسمان هەیە. بۆنموونە لە تورکیە شێوازێک لە ڕێنووس جێ کەوتووە. لە ئێران فارسی جێکەوتووە و ئەمە سروشتییە و گرینگیی نیە و ڕەخنەی ناوێ. من بڕوام وایە دەبێ ئێمە ڕێز بۆ زمانی هەموو گەلان دابنێین. ئێمە پێویستمان بە "فەرهەنگستان"ە. هەڵبەت نە وەکوو فەرهەنگستانەکەی ئێران. نابێ شتێک بێ کە تەنیا حاڵەتی تەشریفاتی و دیکۆریی هەبێ و هەر ١٠ یان ٥٠ ساڵ بکەوێتە بیریان کە دەبێ وشەیەک بدۆزینەوە و پێ زیاد بکەین. بەڵکوو فەرهەنگستانێکی چالاک و بەپیتی دەوێ کە بە دەستی کەسانێک کە بەڕاستی خاوەنڕا و زماناناسن و بیرۆکەگەلێکی بەرز و ئینساندۆستانەیان هەیە پێک بێت. چۆنکە ئەمانە هەموو پێکەوە گرێدراون. ئەم فەرهەنگستانە بە ئامادەبوونی سەرجەم زاراوەکان و خاوەنڕاکانی کورد دەتوانێ ئەم کێشانە بخاتە ڕوو و ڕێگای چارە پیشان بدات و کاریگەر بێت.

**سەرچاوە: سایتی بۆ ڕۆژهەڵات**